# سوریا ... زیادکردنی مووچەی خانەنشینان بۆ ڕێژەی لە 200%



ئەمڕۆ یەکشەممە، ئەحمەد شەرع سەرۆکی ڕاگوزەری سوریا فەرمانێکی یاسایی دەرکرد بۆ زیادکردنی موچەی خانەنشینی بە ڕێژەی 200%، وەزارەتی داراییشی ڕاسپارد بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی.

بەگوێرەی فەرمانێکی سەرۆکایەتی سوریا کە واژۆی ئەحمەد شەرعی لەسەرە و ئەمڕۆ 22ی (حوزەیرانی 2025 دەرچووە، ئامانجی باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خانەنشینەکانە لەنێو زیادبونی ئاستەنگە ئابورییەکان.

بەگوێرەی فەرمانی ژمارە (13)ی ساڵی 2025، سەرجەم خانەنشینان و سودمەندەکانیان، جگە لەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی خانەنشینی کەمئەندامی وەردەگرن کە پەیوەندییان بە هیچ خاوەنکارێك یان خانەنشینییەکی دیکەوە نییە، سودمەند دەبن لەو زیادکردنە.

لە فەرمانەکەدا دوپاتیکراوەتەوە، ئەم زیادکردنە کاریگەری لەسەر کەمترین خانەنشینی نابێت، زیادکردنەکەش بۆ خانەنشینانی کەرتی تایبەت، نابێت لە هاوتاکانیان لە کەرتی گشتی زیاتر بێت.

لە فەرمانەکەدا وەزیرانی دارایی و کاروباری کۆمەڵایەتی و کار ڕاسپێردراون، بۆ دەرکردنی ڕێنمای تایبەت بە جێبەجێکردنی فەرمانەکە، ئەمە جگە لەوەی ئەرکی خستۆتە ئەستۆی وەزارەتی دارایی بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی.